

# جەلەمۆرد

2013/ 5 / 11

بلاوكراوەیەكی تایبەتە بەبۆنەی (25) ساڵەی ئەنفالكردنی جەلەمۆردەوە (مەلا شاخی) ئامادەی كردووە

# لەكۆی ١٨٢ هەزار ئەنفالكراو تەنها روفاتی هەزارو ١٠٠ كەس دۆزراوەتەوە

لە ٢٠٠٤ـەوە تا ئێستا، ٥٦ گۆڕلە عێراقدا هەڵدراونەتەوەو زیاتر لەدوو هەزار رووفات بۆ هەرێم هێنراوەتەوە، كە هی بارزانییەكان و گەرمیان و چەند ناوچەیەكی دیكەن، لەكۆی١٨٢ هەزار ئەنفالكراوی ناوچە جیاوازەكانی هەرێمی كوردستان تائێستا تەنها روفاتی دوو هەزار و ١٠٠ ئەنفالكراو دۆزراونەتەوە.

ئاوێنەنیوز : لەوبارەیەوە وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكانی حكومەتی هەرێمیكوردستان، ئارام ئەحمەد، رایگەیاند، تا ئێستا توانراوە رووفاتی دوو هەزار و ١٠٠ ئەنفالكراو بدۆزرێتەوە ئەمەش زۆر كەمە، هۆكارەكەیش بریتییە لەوەی كەرێگریی سیاسی و شتی دیكە هەیە.

لە ٢٠٠٤ـەوە تا ئێستا، ٥٦ گۆڕ لە عێراقدا هەڵدراونەتەوە و زیاتر لە دوو هەزار رووفات بۆ هەرێمهێنراوەتەوە كەهی بارزانییەكان و گەرمیان و چەند ناوچەیەكی دیكەن.





ئارام ئەحمەد وتیشی، جگە لەوە هەڵدانەوەی گۆڕەكان شارەزایی دەوێت، رژێم لەشوێنی دوور و نادیار و بیابان قوربانییەكانی حەشارداوە، هەڵدانەوەی گۆڕەكان تیمی شارەزای دەوێت، "لەئێستادا تیمەكانمان كەمن و بەربەستی یاساییشمان هەیە، چونكە لەبەردەستی هەرێمدانەبووە، بۆیە دەبێت بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤ و لایەنی دیكەی عێراقی هەنگاوبنرێت "بۆدۆزینەوە و هەڵدانەوەی گۆرەكان".

قوربانیانی ئەنفال، ئەنجامی سیاسەتەكانی رژێمی بەعسە كە لەژێر ناوی "ئەنفال"دا زیاتر لە١٨٢ هەزار كوردی دەستگیركردو دواتر ئەنفالی كردن بەچەند قۆناغێك بەمشێوەیە، ١٩٨٠ ئەنفالی كوردە فەیلییەكان، ١٩٨٣ ئەنفالی هەشت هەزاربارزانی، ١٩٨٨ ئەنفالی گەرمیانیەكان.

# چوار بەڵگە دەربارەی ئەنفالی چوار


## Four documents on the fourth Anfal



004999

FOR OFFICIAL USE ONLY


004998

FOR OFFICIAL USE ONLY


004444


004442

FOR OFFICIAL USE ONLY

EXHIBIT 34

# دێی جەلەمۆرد چۆن ئەنفال کرا ؟ *




گوندی جەلەمۆرد بەر لەوەی بەر شاڵاوی ئەنفال بکەوێت (١٣٠) ماڵ دەبوو، ئەم گوندە جوانو دڵگیرە کەوتبووە بناری چیای خاڵخاڵان. سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٨٨/٥/٥ لەگەڵ گزنگی خۆرەتاو دا هێزێکی گەورەی رژێم کە پێك هاتبوو لەدەیان تانكو زرێپۆش لەژێر سێبەری چەند (هەلیکۆپتەر)ێکدا بەچاوساغی چەند خائینو خۆفرۆشێك پەلاماری ئەو گوندەیەیان دا ژنو منالو پیرو پەککەوتەکانیش لەترسی رەشابای ئەنفالو چەکی کۆمەڵ کوژی (کیمیاوی) پەنایان بۆ شاخەکانی (دەربان)و (بابەرووشە) و (هەزار کانی) بردبوو.. ئەو رۆژە بانگی نیوەرۆ لەمزگەوتی ئاوایی نەدرا.. بۆ عەسرەکەی دوای سوتاندنی کاول کردنی گوندەکە دەست کرا بەتاڵ کردنی مەرو ماڵاتو سەروەتو سامانی خەڵکەکەی.. بۆ رۆژی دووەم ١٩٨٨/٥/٦ دوو ئەفسەری ئەنفال چی بەناوەکانی (ملازم نعمە) و (ملازم ستار) بەچاوساغی خۆفرۆشی شارەزا هێزێکی گەورەیان ئامادەکردو ئابڵوقەی ئەو هەموو خەڵکە دەربەدەرەیان دا دوای دۆزینەوەیان بەشەقو تێهەڵدان راپێچی بەر ماڵانی جەلەمۆریان کردن.. دوای ئەوەی زێرو زیوو پارەی باخەڵی خەڵکەکەیان بەزۆر دەرهێنا.. گریانو شیوەنی ئافرەتان زیرەو هۆی منالانی ناڵە ناڵە پیرو پەککەوتەکان دەگەیشتنە کاکێشانی فەلەك.. (٣٩٢) مرۆڤی بێتاوانیان لەخەڵکی ئەم گوندە دایە بەر شەقو پاڵە پەستۆ سواری ئیڤای سەربازیان کردن بەرەو قەسابخانەکەی تۆبزاوە.. پاش شەش مانگ ئازارو ئەشکەنجە دان ، پاش شەش مانگ برسیەتیو هەڵ قرچانو لەبیابانەکانی خوارووی عیراق لە زیندانی نوگرە سەلمان حەوت کەسیان شەهید بوو.. حەوت کەسیان پاش شەش مانگ لێ ئازاد کراو (٣٧٨) کەسیشیان تا ئێستا بێ سەرو شوێنن..

*بڕوانە گۆڤاری (شەهید ) ژمارە (٥)ی ئایاری ١٩٩٩ .

# لەیادی
# ٢٥ ساڵەی ئەنفالکردنی
# جەلەمۆرد دا

لەرۆژی ٥–٥–١٩٨٨ دا گوندی جەلەمۆردی بناری خاڵخاڵان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت، لەو شاڵاوەشدا ٤٥٠ هاووڵاتی ئەو گوندە بەژن و پیرو گەنج و منداڵەوە ئەنفالکران. محەمەد عەلی شایەدحاڵێکی ئەو سەردەمە کە لە ئێستادا بە هۆی زۆری تەمەنییەوە بە ئەستەم بیرەوەرییەکانی بیرماوە رایگەیاند: لەگەڵ بۆردومانکردنی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر، دانیشتوانی جەلەمۆردو گوندەکانی دەوروبەری روویان لە ئەشکەوتی بابەروشە کرد کە دەکەوێتە باشوری رۆژاوای گوندەکەوە، ئەو ئەشکەوتە جێگایەکی سەلامەت بوو بۆ ئەوەی لە چنگی ئەو رژێمە خوێنرێژە رزگارمان بکات، پاش ئەوەی زیاتر لە ١٠ رۆژ لەو ئەشکەوتەداماینەوە دانیشتوانی گوندەکانی (چۆغڵیچە، سەرچنار، شیخان، گردخەبەر، گۆپتەپە) لەو ئەشکەوتە خۆیان حەشاردابوو، بەڵام خۆفرۆشان دوای ئەوەی هەستیان کرد دانیشتوانی ئەو سنورە لەو جێگایەدا کۆبوونەتەوە، بوونە چاوساغی سوپاکەو لەرۆژی ٥–٥–١٩٨٨ دا سوپاو جاش گەیشتنە ئەو ئەشکەتەو لە رێگای بڵندگۆکانیانەوە هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە ئەگەر خۆمان بە دەستەوە نەدەین، ئەوا بەچەکی کیمیایی بۆردومان دەکرێین، بۆیە بەناچاری خۆمان بە دەستەوەدا. ئەبوزێد خالید کەئێستا ئەنجومەنی گوندی جەلەمۆردە رایگەیاند: لەو رۆژەدا دانیشتوانی گوندی جەلەمۆرد بۆ خۆ رزگارکردن لەچنگی سوپای رژێم روویان لەناوچەکانی ئەشکەوتی بابەروشە کرد، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی رزگاربوونی دانیشتوانەکەی لەدەستی ئەو رژێمە، هەروەك ٤٥٠ هاووڵاتی گوندی جەلەمۆرد بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن. وتیشی: کۆی گشتی دانیشتوانی جەلەمۆرد لەساڵی ١٩٨٨ دا تەنها ٥٥٠ هاووڵاتی بووە، لەو رێژەیە٤٥٠ یان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، بەشێوەیەك کە بنەماڵە هەیە تەنها کەسێکیان بەجێ نەماوە. بەوتەی شایەدحاڵەکان، کۆی گشتی ئەو هاووڵاتیانەی لە ئەشکەوتی بابەروشە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن بە دانیشتوانی گوندی جەلەمۆردەوە نزیکەی ١٠٠٠ هاووڵاتی دەبن. گوندی جەلەمۆرد لە ئێستادا نزیکەی ١٨ خێزانی تێدایە کە بژێوی ژیانی ئەو خێزانانە لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە، لە ئەمساڵدا حکومەتی هەرێم بنکەی تەندروستی و کارەباو ئاوی خواردنەوەی بۆ دانیشتوانی گوندەکە دابینکردووە، تاکە پرۆژە کە ماوە بۆ دانیشتوانی گوندەکە جێبەجێبکرێت گەیاندنی رێگەیە بەو گوندەی کەلە٩٥٪ ی دانیشتوانەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون.

# سەردێڕێك لە مێژووی گوندی جەلەمۆرد



*** کاروان ئەحمەد جەلەمۆردی**

جەلەمۆرد یەکێکە لەو گوندانەی کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتیچیای خاڵخاڵان، لە رووی سنووری گوندەکەوە دەکەوێتە نێوان سنووری شوان و شێخ بزێنیەوە، لە رووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی ئاغجەلەرو چەمچەماڵە، لەساڵی(١٨٠٠) دامەزراوەو ناوی گوندەکە لەوەوە هاتووە، لەناو گوندەکە داری مۆرد بە شێوەی رێز بەرێزو لە رێزە مۆردەوە ناوەکەی هاتووە، گوندەکە بە حوکمی ئەوەی شوێنێکی گونجاو بوەو ئاوی بەکاربەری لێبووە سەرەتا چەند کەسێك لەوێ نیشتەجێ دەبن، لە سەردەمی خۆیدا چەندین زانای ئایینی لەوێدا ژیاون وەك: (مەلا عومەر مەلا عەزیز مەلا وەیسی جەلەمۆردی) لە شاری کەرکوك لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بۆ ماوەیساڵ قازی بووە، سەرەتا دانیشتوانەکەی بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان خەریکی دروستکردنیخەڵوز بوونە لە چیای خاڵخاڵان و دواتر دەستیان کردوە بە جوتیاری و ئاژەڵداری، لە پێش ئەنفال جەلەمۆرد ١٤٠ ماڵی تێدا بوەو ژمارەی دانیشتوانیکەس بووە، بەڵام لە دوای پڕۆسەی بەدناوی ئەنفالەوە بە هۆی ئەوەی ئەم گوندە خاوەنی زۆرترین ئەنفالە ژمارەی ماڵەکانیماڵەو ژمارەی دانیشتوانیشی ٢٧٠ کەسەو٦٠ ماڵیش لەشارو شارۆچکەکان نەگەڕاونەتەوە، لە حاڵی ئێستادا دانیشتوانەکەی هیچ کارێکیان نییە خۆیانی پێوە خەریك بکەن بەهۆی نەبوونی سەرچاوە ئاوی پێویست لەبەر ئەوەی چەند کارێزێکی هەبوو پڕبوونەتەوەو حکومەتیش چاکینەکردوونەتەوە، ئەم گوندە هیچ پڕۆژەیەکی نییە دانیشتوانەکەی کاری تێدابکەن، ئەو خزمەتانەی کە بۆ ئەو گوندە کراوە ئەمانەن: مزگەوتێك لەلایەن رابیتەی ئیسلامی لقیکەرکوك، لەساڵیدروست کراوە، قوتابخانەیەکی دووپۆلی سەرەتایی بچوك لەلایەن ئیدارەی پارێزگای سلێمانیەوە دروستکراوە، پڕۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەی بۆ کراوە لە لایەن ئەنجومەنی پاریزگای سلێمانیەوە کە لە ئێستادا خراپ بووە لەگەڵ ئەوەی ساڵی پار دروستکراوە، خانوویەکی قوری بچوك کراوە بەنەخۆشخانە بۆ گوندەکە، رێگاوبانی گوندەکە زۆر خراپەو بەکەڵکی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیل نایەت و ئەم رێگایە لە ساڵیلە لایەن رێکخراوی منداڵپارێزی بەریتانیەوە تێکەڵەرێژ کراوەو رێگای ئەم گوندانەی دەکەوێتەسەر: سەرچنار توتەقەل، شێخان، گەڵناغاج، دارەقوتە)، گوندی جەلەمۆرد لە رووی کێشە نەتەوایەتیەکان و کێشە سیاسیەکانەوە هەڵویستیراست و مەردانەیان نواندووە، مێژوو راستی ئەو بەڵگەیە بۆ نموونە: خەڵکی جەلەمۆرد لەشەڕی دەربەندی بازیان و سەرجەم شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان بە گشتیو ئەو ناوچەیە بە تایبەتی رۆڵی دیارو بە نرخیان هەبووە بەڵگەش بۆ ئەمە زیاتر لەپەنجا کەس توشی کەمئەندامیجەستەییو نەخۆشیدەروونی بوون لەکاتیشۆڕشەکان وگەڕان بەدوای کەس و کاریانەوە، جەلەمۆرد خاوەنیشەهیدی سەنگەرو ٩٢ شەهیدی نوگرەسەلمان و ٩٣ شەهیدی هاولاتیو ٤٨٥ ئەنفالە، لەساڵیلە لایەن بەعسیەکانەوە کاولکراوەو خانوەکانی هەمووی سوتێندراوە، لە ساڵیجارێکی تر سوتێندراوەتەوەو کاولکراوە، تا ساڵیبە تەواوەتی تەختکراوە، ساڵیدوای راپەرینە مەزنەکە لە لایەن خەڵکی گوندەکەوە ئاوەدان کراوەتەوە، ئەوەی جێگەی داخە گوندەکەش توشیچەندین کێشە بۆتەوە کە لە لایەن حکومەتەوە هاوکاری ناکرێن دەبێتە هۆی چۆڵکردنی دانیشتوانی گوندەکە بۆ ناوشارو شارۆچکەکان و بەهۆی نەبوونی رێگاوبان و قوتابخانەی ناوەندی و نەخۆشخانەی پێویست و هاوکاری نەکردنی کەرتی کشتوکاڵی بۆ جوتیارانی گوندەکە، پڕبوونەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی گوندەکە، کە جێگای مەترسییە بۆ دانیشتوانەکەی.

جەلەمۆرد
2013/ 5 / 11
بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بەبۆنەی (25) ساڵەی ئەنفالکردنی جەلەمۆردەوە (مەلا شاخی) ئامادەی کردووە

# ئەنفال.. لەفرمێسکەوە بۆ هیوا

ئەنفال، پرۆسەیەك بۆسڕینەوەی نەتەوەیەك لەسەر نەخشە، حیزبی بەعسی لەناوچوو ئامانجی قڕکردنی کورد وسوتانی خاکی کوردستان و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووری و لاوازکردن و نەهێشتنی کەلتووری رەسەنی کورد بوو.

## ناوی ئەنفال

ئەنفال سوورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزە و لەدوای جەنگی بەدردابەزی، بەمەبەستی روونکردنەوەی دابەشکردنی ئەو غەنیمە ودەسکەوتانەی لەشەڕی کافرەکان دەکەوتە دەستی موسڵمانەکان وەك سامان و چەك و مەروماڵات.

بەلێکدانەوەی بەعس لەعەمەلیاتی ئەنفال"کورد"ی بەکافرو لە رێلادەر لە قەڵەمداو سەروماڵی حەڵاڵ کرا، ئەنفال لە ساڵی (١٩٨٨)دا حکومەتی بەعس بەجەیش و چەکدارەوە هێرشیان کردە سەرناوچەی قەرەداغ، هەموو خەڵکیانگرت و جیایانکردنەوە لەیەك، پیاوەکان بەجیا و ژن و منداڵ بەجیا و پیرەکان بەجیا بردنیان بۆ بنکەکانی حکومەتی بەعس، لەدوایدا بردنیان بۆ ناوچەی باشوری دەشتی "عەرعەر"، لەوێ بەلێدان و ئەشکەنجە وبێخواردن تەنانەت ئاویشیان پێنەدەدان تا دەمرن و، دواتر فڕێیان دەدانە دەرەوەی ئەو بینایەی کە تێیدا بەندکرابوون، کە بیابانێکی تا چاوبڕبکات چۆڵەوانی، لەوێ لمیاندەدا بەسەریاندا وسەگ لاشەکانیانی دەردەهێناو دەیانخوارد.

ژنەگەنج و کچە هەرزەکارەکانیشیان دەفرۆشت بەوڵاتانی عەرەب و گەنج و پیاوەکانیشیان زیندەبەچاڵدەکرد، دواتر رێژەیەکی کەمی پیروپەککەوتەکانیان ئازادکرد.

## بڕیاری ئەنجامدانی ئەنفال

ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش، کەبەرزترین دەسەڵاتی بڕیاربوو لەو سەردەمەی عێراق، کە سەدام حسێن سەرۆکیبوو، لەرۆژی (٢٩)ی ئازاری ساڵی (١٩٨٧) بڕیاری ژمارە (١٦٠)ی دەرکرد، کە تایبەت بوو بە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال.

پێش دەستپێکی پرۆسەکە، هێزەکانی سوپای بەعسی لەناوچوو، ئازادبوون لەتۆپبارانی ئەو ناوچانەی کە رژێم ناوینابوو ناوچە قەدەغەکراوەکان و کوشتنی زۆرترین ژمارەی ئەو خەڵکانەی لەو ناوچانەدا بوون، هەروەها بەپێی بڕیارێکی "عەلی حەسەن مەجید" ئەو شتومەك و سامانەی دەکەوێتە دەست جاشەکان بۆ خۆیان بێت جگە لەچەکە قورسەکان.

## قۆناغەکانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفال

عەمەلیاتی ئەنفال لە٢١/٢/١٩٨٨، دەستی پێکرد تا ٦/٩/١٩٨٨، کەئەمەش ١٩٨ رۆژی خایاند.

پرۆسەکە بە ٨ قۆناغ جێبەجێ کرا، بەبەشداری هێزەکانی فەیلەقی "١، ٢، ٣، ٥، ٦، ٧" ی سوپای عیراق و دەیان فەوجی خەفیفەی جاش و مەفرەزە خاسەی جاشەکان و هەواڵگری و سوپای میللی بەعس.



لەم پرۆسەیەدا ٢٠٠ هەزار هاوڵاتی کوردی سڤیل بوونە قوربانی و بەرەو دۆزەخەکانی بەعس بران لە "تۆبزاوەو نوگرە سەلمان و دوبس و عەرعەر"، بۆ هەتاهەتایە شوێن بزرکران و هەندێکیان لەتاقیگەکانی رژێم چەکیکیمیاویان لەسەر تاقیکرابوویەوە.

هەروەها لەمپرۆسەیەدا چوار هەزار گوندی کوردستان لەگەڵ زەویدا تەخت کران، لەگەڵ سوتانی هەزاران رەزو باخ و کێڵگەو پڕکردنەوەی کارێزوکانی و رووخانی هەزاران مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە.

وێرای ئەوەی لەم پرۆسەیە لەهەندێك شوێنی کوردستان لەگەرمیان و بادینان چەکی کیمیاوی بەکارهێنراو، لەقۆناغی هەشتەمی ئەنفال لەبادینان لەگەڵ گرتنی هاوڵاتیانی کورد هەر لەو شوێنەدا گوللە باران دەکران، نەوەکانی ئەبو جەهل تینووی خوێن رشتن و تاڵانکردنبوون، ئەمە کەلتووری سەدان ساڵەی ئەوانە.

## رۆژی ئەنفال

قۆناغی سێیەمی ئەنفال بەربڵاوترین شاڵاوی ئەنفال بوو ئەم قۆناغە لە ٧/٤/١٩٨٨، لە رۆژی دامەزراندنی بەعس دەستپێکردو تا ٢٠/٤/١٩٨٨ ی خایاندو لەم قۆناغەدا ٦٠٠ گوند تەخت کران، لە رۆژی ١١/٤/١٩٨٨، خەڵکی چەمچەماڵ لەکاتی هاتنی کاروانی ئەنفالکراوەکان بەناو شارەکە دژی بەعسیەکان راپەڕین و نزیکەی شەش هەزار کەسیان لەمردن رزگار کرد.

لەرۆژی ١٤/٤/١٩٨٨، لەگوندی ملەسوورە و کوڵەجۆی حاجی حەمە جان زۆترین ژمارەی خەڵکی ئەو دەڤەرە ئەنفالکران، بۆیە ئەو رۆژە هەموو ساڵێك یادی ئەنفالی تێدا دەکرێتەوە.

## تاوانبارانی ئەنفال

تاوانباری یەکەم سەدام حسێن بوو، پاشان عەلی کیمیاوی و پاشان بەپلەی دووەم جاشە کوردەکانبوون کە بەشدارو جێبەجێکەرو چاوساغی هێزەکانی رژێمبوون، بۆ نموونە لەشاڵاوی قۆناغی سێیەم موستەشاری فەوجێکی جاش کە ئێستا ماوە٢٦٠٠ هاوڵاتی کوردی ئەنفالکردووە، هەروەها "وەفیق سامەرائی، نزار خەزرەجی، سوڵتان هاشم، بارق عەبدوڵڵا، یونس محەمەد، جەواد زەنون، سابیر دووری، هیشام سەیاح فەخری و ..هید" پێشڕەوی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالبوون.



دوای ئەم پرۆسەیە دوو لەسەرسێی خاکی کوردستان بووە ناوچەی قەدەغەکراو، واتە هەرکەسێ لەو ناوچانەدا بوایە خوێنی حەڵالبوو، ئابووری و کشتوکاڵی کوردستان لەبناغەوە هەڵتەکێنرا.

دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال لە ٢٤/٤/٢٠٠٧، دادگای باڵای تاوانەکان لەعیراق بڕیاری کۆتایی لەسەر ٦ تاوانباری کەیسی ئەنفال دەرکردو لەسەرویانەوە "عەلی کیمیاویی" بەسێدارەدە حوکم دراو لەسێدارەدرا.

## بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال

لە١٤ی نیسانی ٢٠٠٨، پەرلەمانی عیراق تاوانی ئەنفالی بەجینۆساید ناساند، ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:

لەژێر رۆشنایی ئەوەی کە دەستووری عیراق ئاماژەی بۆکردووە بەوەی ئەو دەستوورە زمانگۆ و سەدای ئازار و ئەشکەنجەو ناسۆرییەکانی گەلی عیراقە لەوەش ئازار و ناسۆری پاکتاوی نەژادی لەقەسابخانەکانی هەڵەبجەو بازران و ئەنفال و کوردە فەیلیەکان، بەدوو پاتکردنەوەی بڕیاری دادگای تاوانی عیراقی، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق بڕیاردەدات لەوەی گەلی کورد لەکوردستانی عیراق رووبەرووی بووەتەوە لەکوشتن و بڕین و کۆمەڵکوژی ئەوە بەهەموو پێوەرەکان جینۆسایدە.

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، یەکەم دانیشتنی دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفالی لە (٢١ یئابی) دا دەستپێکرد کە تاوانبارانی سەرەکی بریتیبوون لە "سەدام حوسێن مەجید، سەرۆك کۆماری عێراق کەلە (٣٠ ی کانونی یەکەمی ) لەسەر تاوانی دوجەیل لەسێدارەدرا، عەلی حەسەن مەجید، ناسراو بە(عەلی کیمیاوی)، بەرپرسی رێکخستنەکانی باکووری حیزبی بەعس، لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلجبوری، فەرماندەی فەیلەقی یەکی سەردەمی ئەنفالەکان، فەریق روکن حوسێن رەشید محەمەد عەرەب ئەلتکریتی، یاری دەدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ ئۆپراسیۆنەکان لە کاتی ئەنفالەکاندا، فەریقی روکن سابیر عەبدولعەزیز حوسێن عەلی ئەلدوری، بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازیگشتی، عەمیدی روکن فەرحان موتلەگ ساڵح ئەلجبوری، بەڕێوەبەری مەنزومەی هەواڵگری ناوچەی رۆژهەڵات و تاهیرتۆفیق یوسف ئەلعانی، سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور و ئەندامی رێکخستنەکانی باکووری حیزبی بەعس".

دوای ٦٠ دانیشتنی دادگاو لەدانیشتنی ژمارە(٦١)دا کەلە(٢٤ یحوزەیرانی)دا بەڕێوەچوو، دادگای باڵای تاوانەکان بڕیاری کۆتایی بەسەر شەش تاوانباردا سەپاند کە توندترین سزایان بەمجۆرە بوو (عەلی کیمیاوی، پێنج سزای لەسێدارەدان. سوڵتان هاشم، چوار سزای لەسێدارەدان. حوسێن رەشید تکریتی، چوار سزای لەسێدارەدان. سابیر عەبدولعەزیز دوری، سێسزای هەتاهەتایی. فەرحان موتلەگ ساڵح، دوو سزای هەتاهەتایی، بەڵام تۆمەتبار تاهیر تۆفیق ئەلعانی، بڕیاری ئازادکردن و بێ تاوانی لەبەشداری کردنی لەشاڵاوەکانی ئەنفال بۆدەرچو).

بەسێ قۆناغ و لەساڵەکانی، ١٩٨٣، ١٩٨٨، لەلایەن رژێمی بەعسی لەناوچووەوە لەژێرناوی پرۆسەی "ئەنفال" دا زیاتر لە١٨٢هەزار کورد دەستگیرکران و دواتر لەگۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشور و ناوەراستی عێراقدا زیندەبەچاڵکران.

## یەکێك لەتاوانبارەکان گیانی لەدەستدا

پاشنزیکەی شەش ساڵ بەسەر راگەیاندنی سزای بەندکردنی بۆ هەتاهەتایی، چەند رۆژێك لەمەوبەر بەڕێوەبەری مەنزومەی هەواڵگری رۆژهەڵاتی پێشووی حزبی بەعس لەعێراق، فەرحان موتلەگ ئەلجبوری، لەبەندینخانەکەیدا لەشاری بەغدا گیانی لەدەستدا.

پاش مردنی جبوری، ژمارەی مردوانی رژێمی پێشووی بەعس بۆ چوار کەس بەرز دەبێتەوە کە پێشتر هەریەك لەجێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی، حیکمەت عەزاوی و جێگری سەرۆك ئەرکانی سوپای پێشووی عێراق، ئیبراهیم عەبدولستار محەمەد و وەزیری نەوت، قاسم ئەحمەد تەقی عورێبی، مردن.

# ژانەکانی ئەنفال

* مەلاشاخی

بڕواناکەم نە لەکوردستان و نەلەهەندەراندا جگە لە خیانەتکاران و خۆفرۆشان وئەنفالچییەکان..کوردێك هەبی کەباس لەمەسەلەی ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکان بکرێت،لەناخەوە نیگەران نەبێت و ویژدانی نەهەژی،ئەنفال ترۆپکی کێوی خەمەکانی هەموونشتیمان پەروەر و مرۆڤدۆستێکی دژبەچەوسانەوەیە،ئەگەربە بینینی ژنە رەشپۆشێکی مێردئەنفالکراو،مناڵەرەنگپەریوێکی باوکئەنفالکراو، پیرەباب وپیر ژنێکی جگەرکەباب،بەبیستنی لاوانەوەیەك،سرودێك، لاوکێك.. ئەگەربەخوێندنەوەی شاکارێك،شیعرێك،چیرۆکێك، رۆمانێك،پەخشانێك، کتێبێك...ئەگەربەنمایشکردنی فلمێك، شانۆیەك، پیشانگایەك. برینی چەندین ساڵەمان بکولێتەوە، هێشتا بڕواناکەم ئێش وئازاری زامی هیچ دڵێك بەقەدەی ئەوکەسانەبێت کەخۆیان هەڵقرچاوی ناوکورەی شاڵاوەکان بوون،ئەوانەی کەسوکاروهاوڕێ وهەڤاڵ وخوشك وبرای گیانی بەگیانییان.. ئازیزانیان بەزۆری زۆردارەکی لی رفێندرا، ئەگەر ئەنفالکراوەکان.. یەکجاررۆیشتن ویەکجاریش مردن.بەڵام ئێمە ئێمە هەمووشەوی ،هەمووڕۆژی.. هەمووچرکە ساتی.. مۆتەکەی ئەنفال دیتە وێزەمان وبە سەدانجار دەمانکوژی..چەم ودۆڵ وکێوەکان شاهیدن لەدوای ئەنفالەوە چەندین جار چووینەتەوە شیوەسوور و بێدەر و شیوهەنجیرەزەرد و دەرباز و بابەرووشە و نێوچەم وتوترکەکانی دەمزی...ئای چەند کۆنە پێڵاو وپارچەپەڕۆی رزاوو کۆنەمەنجەڵی قوپاوو متومێرو بووکەشووشەی مناڵانمان دۆزیەوەو تێربۆنمان پێوەکردن وفرمیسکمان بۆرشتن..گوندە وێرانەکان دەزانن بەچ حەسرەتێکەوە جێمان هێشتن وبەچۆن (هەڵمەت)ێکەوە دوای راپەرین هاتینەوە زیارەتیان..ئای چەند کەلاوەم بینی دوای چەندین ساڵ ئێستایش کەس نییە ئاوەدانیان کاتەوە..ناهەقم مەگرن ئەگەر لەساڵی٢٠٠٨بەدواوە بڕیاربدەم جارێکی ترنەچمەوە هەواری خاڵی، تەپۆلکەیەك قرچەلەجەرگمەوە دێنی،ئەوە شوێن ژوورەکەی (.....)هاوڕێمە سەرم پێی دەسپارد،ناموسی لی دەرچی هیچی لەمن چاو نەبوو.. کەچی ئێستا کوێر بوونەتەوە، کەلاوەیەك، قولپی گریانم دێنی فرمێسکم پی لەدیدە سەردەکات...

ئەوە شوێن ئاگردانەکەی(خونچە) ئامۆزامە هەمووجار بەگوی گرتن لە چالاکییەکان دەخافلا.. شیرەکەی لەسەر ئاگرەکە هەڵدەچوو، دەیگووت:کوێراییم دایی بۆسبەینی قەیماغەکەیشی نەما تا بیکەم بەپێخۆری تۆو خاڵم ئەحمەد.. سێبەری توووەزرە شوێن تەشی رستنەکەی(میم رەعنایە)ئێستایش بچیتە ئەوسێبەرەخۆی ودار عاساکی زیاتر کەس نابینی،گوێی لی بگری هەرچی شتێکت بۆباس دەکات هەر دەچێتەوە سەردەمی ئەنفال وباسی(شەمخی)و(عەجاج)، چیرۆکی گەرمەسێر و سەگەرەشەکە..

دەخوێنێتەوە، شیعری برسێتی وکولەمەرگی دەهۆنێتەوە، رۆژێك لێم پرسی:ئەری پووری تۆخۆت قوربانیت وبۆقوربانییەکان دەگری..؟ ئەی ئەگەر ئێستا تۆخوێنەوارونووسەربوویتایە دەتەگووت چی..؟؟ ئاە.. ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاوبەمەحزوونییەوە گووتی:

(کەس ناتوانی بەقەدەر ئێمە خەمخۆربی....

هەندەی ئێمەخەفەتی زۆربی.دەستێك بۆخزمەتی پاشماوەی ئەنفال کارنەکا،پێیەك بەرەوپیری پیرێکی گەڕاوەی نوگرەسەلمان رانەکا، زارێك بۆقاودانی تاوان هاوار نەکا ، قەڵەمێك بۆ بە دوادا چوونی سەرگوزشتەی شاهیدحاڵێك ئەم شاروئەوشار..نەکا..یاخوا ئەو دەستە خواروچوێربی،ئەوپێیە شەل و گێر بی، ئەودەمە دەژەم برسی ژەمی تێربی، ئەوقەلەمە وردوخاش بی سەرەوژێربی، چاوی خاوەنەکەی کوێربی.....)

# ليستى ناوى ئەنفالكراوەكانى( جەلەمۆرد ) / قائمة بأسماء مؤنفلي قرية( جەلەمۆرد )
# Jalmord anfalized victims

| Name | Born | ناوی سیانی | ت |
|---|---|---|---|
| Abdul K. Abdulrahman | 1947 | عبدالقادر عبدالرحمن | 1 |
| Rehema A. Mohammed | 1955 | رحيمة عزيز محمد | 2 |
| Sheren A. Abdulla | 1960 | شيرين عبدالمجيد عبداللة | 3 |
| Omar A. Kadir | 1972 | عمر عبداللة قادر | 4 |
| Yasean A. Kadir | 1980 | ياسين عبداللة قادر | 5 |
| Taha A. Kadir | 1981 | تەها عبداللة قادر | 6 |
| Mohsin A. Kadir | 1983 | محسن عبداللة قادر | 7 |
| Tahsin A. Kadir | 1982 | تحسين عبداللة قادر | 8 |
| Shadia A. Kadir | 1985 | شادية عبداللة قادر | 9 |
| Mustafa K.A. Rahman | 1953 | مستەفا قادر عبدالرحمن | 10 |
| Naske R.Suleiman | 1953 | ناسكة رشيد سليمان | 11 |
| Masuud M.Kadir | 1979 | مسعود مستەفا قادر | 12 |
| Peiman M.Kadir | 1979 | ثيمان مستەفا قادر | 13 |
| Pakhshan M.Kadir | 1981 | ثخشان مستەفا قادر | 14 |
| Kwestan M.Kadir | 1982 | طويستان مستەفا قادر | 15 |
| Farman M.Kadir | 1984 | فرمان مستەفا قادر | 16 |
| Farhad M.Kadir | 1986 | فرهاد مستەفا قادر | 17 |
| Khunche M.Kadir | 1967 | خونجه قادر عبدالرحمن | 18 |
| Sidiq M.Kadir | 1969 | صديق قادر عبدالرحمن | 19 |
| Abdi A.Mustafa | 1952 | عبدى عبدالرحمن مستەفا | 20 |
| Amine S.Salih | 1960 | ئامنة سعيد صالح | 21 |
| Asi A.Rahman | 1974 | عاصي عبدي عبدالرحمن | 22 |
| BayanA.Rahman | 1976 | بيان عبدي عبدالرحمن | 23 |
| ZhianA.Rahman | 1978 | ذيان عبدي عبدالرحمن | 24 |
| HadiA.Rahman | 1975 | هادي عبدي عبدالرحمن | 25 |
| KarwanA.Rahman | 1980 | كاروان عبدي عبدالرحمن | 26 |
| PeimanA.Rahman | 1982 | ثيمان عبدي عبدالرحمن | 27 |
| Fatima R.Mohammad | 1970 | فاتيمة رؤوف محمد | 28 |
| Rahman O.Mustafa | 1942 | رحمان عمر مستەفا | 29 |
| Amine H.Kareem | 1955 | ئامنة حمد امين كريم | 30 |
| Salman R.Omer | 1975 | سلمان رحمان عمر | 31 |
| Fatima R.Omer | 1977 | فاتيمة رحمان عمر | 32 |
| Osman R.Omer | 1980 | عوسمان رحمان عمر | 33 |
| Gulbakh R.Omer | ؟ | طولباخ رحمان عمر | 34 |
| Kakewla B.Omer | 1954 | كاكة ولا بكر عمر | 35 |
| Ghazal K.Mahmood | 1960 | غزال كريم محمود | 36 |
| Ashti K.Bakir | 1980 | ئاشتي كاكة ولا بكر | 37 |
| Shadia K.Bakir | 1981 | شادية كاكة ولا بكر | 38 |
| Shukur B.Omer | 1962 | شكر بكر عمر | 39 |
| NaziraB.Omer | 1971 | نزيرة رحمان عمر | 40 |
| Wurya S. Bakir | 1986 | وريا شكر بكر | 41 |
| Vian S. Bakir | 1987 | ظيان شكر بكر | 42 |
| Baiz A.Mohammad | 1962 | بايز عزيز محمد | 43 |
| Aram B.Aziz | 1984 | ئارام بايز عزيز | 44 |
| StarB.Aziz | 1970 | ستار عزيز محمد | 45 |
| AkoB.Aziz | 1986 | ئاكو بايز عزيز | 46 |
| RehanB.Aziz | 1974 | ريحان عزيز محمد | 47 |
| Abdulla S.Salih | 1954 | عبداللة سعيد صالح | 48 |
| Kafia R.Salih | 1964 | كافية رجب صالح | 49 |
| Ali A.Saeed | 1978 | علي عبداللة سعيد | 50 |
| IbrahimA.Saeed | 1979 | ابراهيم عبداللة سعيد | 51 |
| AyubA.Saeed | 1980 | ايوب عبداللة سعيد | 52 |
| Mahabad A.Saeed | 1982 | مەاباد عبداللة سعيد | 53 |
| Jabbar N.Sadiq | 1953 | جبار نامق صادق | 54 |
| Rewshan H.Salih | 1955 | روشة ن حةمة امين صالح | 55 |
| Omer R.Mahmood | 1975 | عمر رةزا محمود | 56 |
| HeiderR.Mahmood | 1980 | حيدر رةزا محمود | 57 |
| Mohammad R.Mahmod | 1982 | محمد رةزا محمود | 58 |
| Kocher R.Mahmood | 1987 | كوجر رةزا محمود | 59 |
| Obed H. Abdulla | 1955 | عبيد حامد عبداللة | 60 |
| Fakhria Q.A.Rahman | 1959 | فخرية قادر عبدالرحمن | 61 |
| Serhad O.Hamid | 1979 | سرةد عبيد حامد | 62 |
| QadriaO.Hamid | 1982 | قدرية عبيد حامد | 63 |
| AbdullaO.Hamid | 1966 | عبداللة حامد عبداللة | 64 |
| MajeedO.Hamid | 1950 | مجيد عبداللة مستەفا | 65 |
| Amina M.Mustafa | 1956 | ئامنة محمد مستەفا | 66 |
| Najmedin M.Abdulla | 1972 | نجم الدين مجيد عبداللة | 67 |
| Hiwa M. Abdulla | 1979 | هيوا مجيد عبداللة | 68 |
| Bahar M. Abdulla | 1982 | بةار مجيد عبداللة | 69 |
| Hama Z. Sadiq | 1954 | حةمة زياد فتاح صادق | 70 |
| Marjan R.Salih | 1955 | مرجان رمضان صالح | 71 |
| Ahmed H.Z.Fatah | 1975 | احمد حةمة زياد فتاح | 72 |
| Khalid H.Z.Fatah | 1977 | خالد حةمة زياد فتاح | 73 |
| Fatima H.Z.Fatah | 1979 | فاتيمة حةمة زياد فتاح | 74 |
| Arezu H.Z.Fatah | 1980 | ارزو حةمة زياد فتاح | 75 |
| AYUB H.Z.Fatah | 1982 | ايوب حةمة زياد فتاح | 76 |

| Name | Born | ناوی سیانی | ت |
|---|---|---|---|
| Yaakub H.Z.Fatah | 1984 | يعقوب حةمة زياد فتاح | 77 |
| Khalid H.Abdulla | 1955 | خالد حامد عبداللة | 78 |
| Omer A. Qadir | 1955 | عمر علي قادر | 79 |
| Hemin S. Salih | 1964 | هيمن سعيد صالح | 80 |
| Anwer O. Ali | 1976 | انور عمر علي | 81 |
| AsmerO. Ali | 1979 | اسمر عمر علي | 82 |
| HawkarO. Ali | 1980 | هاوكار عمر علي | 83 |
| SabriaQ.A.Rahman | 1959 | صبرية قادر عبدالرحمان | 84 |
| Mohammad M. Ali | 1969 | محمد محمود علي | 85 |
| Hajere M. Ali | 1972 | هاجرة محمود علي | 86 |
| Ahmed M. Ali | 1973 | احمد محمود علي | 87 |
| ZuliekhaM. Ali | 1975 | زليخا محمود علي | 88 |
| Ali M. Ali | 1979 | علي محمود علي | 89 |
| Zara M. Ali | 1980 | زارا محمود علي | 90 |
| Latif M. Ali | 1982 | لةتيف محمود علي | 91 |
| Nazdar M.ALI | 1984 | نازدار محمود علي | 92 |
| QurbaniA. Mustafa | 1962 | قورباني علي مستەفا | 93 |
| Nakhsha S.Salih | 1964 | نخشة سعيد صالح | 94 |
| Aram Q.Ali | 1983 | ئارام قورباني علي | 95 |
| Arezu Q.Ali | 1984 | ئارزو قورباني علي | 96 |
| Araz Q.Ali | 1968 | ئاراز قورباني علي | 97 |
| Ibrahim Raza Ali | 1960 | ابراهيم رةزا علي | 98 |
| Nawroz K. Ali | 1968 | نوروز كريم علي | 99 |
| Nizam I.Raza | 1980 | نظام ابراهيم رةزا | 100 |
| Shareban I.Raza | 1983 | شاربان ابراهيم رةزا | 101 |
| Basse Raza Ali | 1967 | بسى رةزا علي | 102 |
| Ahmed M. Omer | 1952 | احمد محمد عمر | 103 |
| Samad M. Omer | 1971 | صمد محمد عمر | 104 |
| Ghafur M. Mustafa | 1937 | غفور احمد مستەفا | 105 |
| Tileen W.Mohammad | 1940 | تيلين واحد محمد | 106 |
| AZIZ G. Ahmed | 1969 | عزيز غفور احمد | 107 |
| Serdar G. Ahmed | 1972 | سردار غفور احمد | 108 |
| Khalil G. Ahmed | 1952 | خليل غفور احمد | 109 |
| Haseeb K. Suleiman | 1957 | حسيب خورشيد سليمان | 110 |
| Amine R. Suleiman | 1967 | ئامنة رشيد سليمان | 111 |
| SalmanK. Suleiman | 1970 | سلمان خورشيد رفيق | 112 |
| Hawez K. Ali | 1964 | حويز كريم علي | 113 |
| ShamsaR. Ali | 1968 | شمسة رةزا علي | 114 |
| Ako H. Kareem | 1985 | اكو حويز كريم | 115 |
| AbasK. Ali | 1972 | عباس كريم علي | 116 |
| SalmaK. Ali | 1974 | سلمة كريم علي | 117 |
| MusaK. Ali | 1975 | موسى كريم علي | 118 |
| QadirK. Ali | 1979 | قادر كريم علي | 119 |
| ALI K. Ali | 1981 | علي كريم علي | 120 |
| Jalal N. Sadiq | 1952 | جلال نامق صادق | 121 |
| Gulistan S.Salih | 1986 | طولستان سعيد صالح | 122 |
| Jihad J. Namiq | 1975 | جهاد جلال نامق | 123 |
| Jawad J. Namiq | 1977 | جواد جلال نامق | 124 |
| Serhad J. Namiq | 1979 | سرةد جلال نامق | 125 |
| Halo J. Namiq | 1980 | هلو جلال نامق | 126 |
| Mahabad J. Namiq | 1982 | مەاباد جلال نامق | 127 |
| Husein R.Salih | 1968 | حسين رجب صالح | 128 |
| Madia S. Salih | 1970 | مادية سعيد صالح | 129 |
| Rebwar H. Rajab | 1984 | ريبوار حسين رجب | 130 |
| Chinar H. Rajab | 1986 | ضنار حسين رجب | 131 |
| Qadir S.Amin | 1954 | قادر شريف حةمة امين | 132 |
| Gawher A. Qadir | 1960 | كوهر علي قادر | 133 |
| Herzani Q. Sharif | 1982 | هرزاني قادر شريف | 134 |
| KamberQ. Sharif | 1982 | كمبر قادر شريف | 135 |
| NergizQ. Sharif | 1984 | نيرطز قادر شريف | 136 |
| ChimenQ. Sharif | 1986 | جيمن قادر شريف | 137 |
| Ahmed S.Amin | 1955 | احمد شريف حةمة امين | 138 |
| Rehan R. Salih | 1959 | ريحان رمضان صالح | 139 |
| Yousif A.Sharef | 1979 | يوسف احمد شريف | 140 |
| Herish A.Sharef | 1980 | هيرش احمد شريف | 141 |
| Sanger A.Sharef | 1982 | سنطر احمد شريف | 142 |
| Kaban A.Sharef | 1984 | كابان احمد شريف | 143 |
| Aman A.Sharef | 1986 | ئامان احمد شريف | 144 |
| Edrees A.Sharef | 1987 | ادريس احمد شريف | 145 |
| Mohammad S.Amin | 1956 | محمد شريف حةمة امين | 146 |
| Khatuna Q. Salih | 1957 | خاتونة قادر صالح | 147 |
| Ibrahim Q. Salih | 1984 | ابراهيم محمد شريف | 148 |
| Ismael Q. Salih | 1982 | اسماعيل محمد شريف | 149 |
| Aske Q. Salih | 1986 | ئاسكة محمد شريف | 150 |
| Jumaa R.Salih | 1974 | جمعة رجب صالح | 151 |
| Toufiq M. Mohammad | 1972 | توفيق مطلب محمد | 152 |

# لیستی ناوی ئەنفالکراوەکانی( جەلەمۆرد ) / قائمة بأسماء مؤنفلي قرية( جەلەمۆرد )

## Jalmord anfalized victims

| Name | Born | ناوی سیانی | ت |
|---|---|---|---|
| Mal R.Salih | 1974 | مال رمضان صالح | 153 |
| Halaw A. Mustafa | 1940 | حلاو علي مستةفا | 154 |
| Mohammad T.Matlab | 1988 | محمد توفيق مطلب | 155 |
| Rebwar T.Matlab | 1986 | ريبوار توفيق مطلب | 156 |
| Abas M. Suleiman | 1954 | عباس محمد سليمان | 157 |
| Heibat A.Rashid | 1953 | هةيبت عبداللة رشيد | 158 |
| Saadi A. Mohammad | 1972 | سعدية عباس محمد | 159 |
| Laali A. Mohammad | 1974 | لعلي عباس محمد | 160 |
| Fuad A. Mohammad | 1976 | فؤاد عباس محمد | 161 |
| Dilshad A. Mohammad | 1978 | دلشاد عباس محمد | 162 |
| Rebwar A. Mohammad | 1979 | ريبوار عباس محمد | 163 |
| ShakhewanA. Mohamad | 1981 | شاخوان عباس محمد | 164 |
| Waadia A. Mohammad | 1984 | وعدية عباس محمد | 165 |
| Heider M. Suleiman | 1959 | حيدر محمد سليمان | 166 |
| Asmer O. Mohammad | 1967 | اسمر عمر محمد | 167 |
| Chinar H. Mohammad | 1986 | ضنار حيدر محمد | 168 |
| Hamza M. Suleiman | 1962 | حمزة محمد سليمان | 169 |
| Nazdar R. Suleiman | 1969 | نازدار رشيد سليمان | 170 |
| Fariq R. Amin | 1952 | فريق رفيق حةمة امين | 171 |
| Rahma A.Qadir | 1953 | رحةمة علي قادر | 172 |
| Toufiq T. Rafiq | 1970 | توفيق تارق رفيق | 173 |
| Ghalib F.Rafiq | 1971 | غالب فريق رفيق | 174 |
| Bafraw F.Rafiq | 1972 | بفراو فريق رفيق | 175 |
| Zerin F.Rafiq | 1974 | زيرين فريق رفيق | 176 |
| Hero F.Rafiq | 1976 | هيرو فريق رفيق | 177 |
| Nabi F.Rafiq | 1977 | نبي فريق رفيق | 178 |
| Ayoub F.Rafiq | 1979 | ايوب فريق رفيق | 179 |
| Latif F.Rafiq | 1983 | لةتيف فريق رفيق | 180 |
| Hidayet R. Amin | 1955 | هيدايت رفيق حةمة امين | 181 |
| Piroz M.Qadir | 1955 | ثيروز محمد قادر | 182 |
| Luqman R.Salih | 1964 | لقمان رمضان صالح | 183 |
| Nasrin M Mohammad | 1975 | نسرين مطلب محمد | 184 |
| Trifa L.Ramadhan | 1985 | تريفة لقمان رمضان | 185 |
| Karwan L.Ramadhan | 1986 | كاروان لقمان رمضان | 186 |
| Farman L.Ramadhan | 1987 | فرمان لقمان رمضان | 187 |
| Asim L.Ramadhan | 1972 | عاصم لقمان رمضان | 188 |
| Numan L.Ramadhan | 1974 | نعمان لقمان رمضان | 189 |
| Narinj L.Ramadhan | 1976 | نارنج لقمان رمضان | 190 |
| Qadria L.Ramadhan | 1978 | قدرية لقمان رمضان | 191 |
| Heibet M.Suleiman | 1942 | هيبت محمد سليمان | 192 |
| Kamal A.Ahmed | 1973 | كمال افندى احمد | 193 |
| Attia A.Ahmed | 1975 | عطية افندى احمد | 194 |
| Jengy A.Ahmed | 1977 | جنكى افندى احمد | 195 |
| Talib A.Ahmed | 1979 | تالب افندى احمد | 196 |
| Ferman A.Ahmed | 1981 | فرمان افندى احمد | 197 |
| Obed A. Mustafa | 1945 | عبيد احمد مستةفا | 198 |
| Shusha R. Mohammad | 1948 | شوشة رةزا محمد | 199 |
| Sherko O.Ahmed | 1979 | شيركو عبيد احمد | 200 |
| Aras O.Ahmed | 1968 | ئاراس غبيد احمد | 201 |
| Perween Ahmed | 1981 | ثروين احمد | 202 |
| Sabir A. Mustafa | 1951 | صابر احمد مستةفا | 203 |
| Esmet A. Mustafa | 1953 | ئيسمت احمد مستةفا | 204 |
| Khaje S.Ahmed | 1978 | خديجة صابر احمد | 205 |
| Aji S.Ahmed | 1980 | اجي صابر احمد | 206 |
| Shukur S.Ahmed | 1982 | شكر صابر احمد | 207 |
| Bafraw Y.Husein | 1940 | بفراو ياسين حسين | 208 |
| Mohammad K.Ahmed | 1986 | محمد كريم احمد | 209 |
| Hakeem K.Ahmed | 1970 | حكيم كريم احمد | 210 |
| Najim K.Ahmed | 1971 | نجم الدين كريم احمد | 211 |
| Azad K.Ahmed | 1973 | ئازاد كريم احمد | 212 |
| Abdulla K.Ahmed | 1974 | عبداللة كريم احمد | 213 |
| Sabria K.Ahmed | 1975 | صبرية كريم احمد | 214 |
| Saadia K.Ahmed | 1977 | سعدية كريم احمد | 215 |
| Waadia K.Ahmed | 1980 | وغدية كريم احمد | 216 |
| Tareq S. Ahmed | 1969 | تارق سلام احمد | 217 |
| Ghazal A.Ahmed | 1971 | غزال افندي احمد | 218 |
| Shaho T.Salam | 1968 | شاهو تارق سلام | 219 |
| Salah T.Salam | 1972 | صلاح سلام احمد | 220 |
| Omer R. Suleiman | 1953 | عمر رشيد سليمان | 221 |
| Aisha K. Rafiq | 1952 | عائشة خورشيد رفيق | 222 |
| Shino O. Rashid | 1958 | شنو عمر رشيد | 223 |
| Sabah R. Suleiman | 1961 | صباح رشيد سليمان | 224 |
| NazeeraM. Mohammad | 1971 | نزيرة مطلب محمد | 225 |
| Hashim R. Suleiman | 1974 | هاشم رشيد سليمان | 226 |
| Taha R. Suleiman | 1976 | تةها رشيد سليمان | 227 |
| Khendan A. Qadir | 1953 | خندان علي قادر | 228 |

| Name | Born | ناوی سیانی | ت |
|---|---|---|---|
| Ismael R. Husein | 1974 | اسماعيل رةزا حسين | 229 |
| Zara R. Husein | 1975 | زارا رةزا حسين | 230 |
| Idrees R. Husein | 1977 | ادريس رةزا حسين | 231 |
| Khaeiria R. Husein | 1978 | خيرية رةزا حسين | 232 |
| Chman R. Husein | 1979 | جومان رةزا حسين | 233 |
| Mohammad A.Ali | 1955 | محمد امين عبدالرحمن علي | 234 |
| Abdulla A. Rahman | 1956 | عبداللة عبدالرحمن | 235 |
| Zerin K. Mohammad | 1964 | زيرين كاكة مين محمد | 236 |
| Hawzhin A. A. Rahman | 1983 | هاوزين عبداللة عبدالرحمن | 237 |
| Hewrin A. A. Rahman | 1984 | هورين عبداللة عبدالرحمن | 238 |
| Habab K. Mohammad | 1956 | حباب كاكة مين محمد | 239 |
| Nadia A.Ali | 1974 | نادية عبدالرحمن علي | 240 |
| Diler H. Mohammad | 1983 | دلير حباب محمد | 241 |
| MahbubaS. Mohammad | 1957 | محبوبة صالح محمد | 242 |
| Mohammad R.Hasan | 1974 | محمد رةزا حسن | 243 |
| Bestoon R.Hasan | 1975 | بيستون رةزا حسن | 244 |
| Meriwan R.Hasan | 1976 | مريوان رةزا حسن | 245 |
| Peiman R.Hasan | 1977 | بيمان رةزا حسن | 246 |
| Pakhshan R.Hasan | 1978 | ثخشان رةزا حسن | 247 |
| HuseinQ.Amin | 1953 | حسين قادر حةمة امين | 248 |
| Badia N.Toufiq | 1952 | بديعة ناصر توفيق | 249 |
| Shorish H.Qadir | 1971 | شورش حسين قادر | 250 |
| Hashim H.Qadir | 1972 | هاشم حسين قادر | 251 |
| Samee H.Qadir | 1983 | سميع حسين قادر | 252 |
| Sewa H.Qadir | 1984 | سيوه حسين قادر | 253 |
| Hazhar H.Qadir | 1985 | هزار حسين قادر | 254 |
| Lamia H.Qadir | 1986 | لميعة حسين قادر | 255 |
| Gulizar B. Qadir | 1972 | طوليزار بكر قادر | 256 |
| Kaban B. Qadir | 1975 | كابان بكر قادر | 257 |
| Kwestan B. Qadir | 1974 | كويستان بكر قادر | 258 |
| Banaz B. Qadir | 1975 | بناز بكر قادر | 259 |
| Mohammad B. Qadir | 1971 | محمد بكر قادر | 260 |
| Rebaz B. Qadir | 1977 | ريباز بكر قادر | 261 |
| Malak R.Hasan | 1962 | ملك رةزا حسن | 262 |
| Karwan K. Yaseen | 1984 | كاروان خلف ياسين | 263 |
| Rebwar K. Yaseen | 1985 | ريبوار خلف ياسين | 264 |
| Jameel Y.Husein | 1956 | جميل ياسين حسين | 265 |
| MalakS.Ahmed | 1957 | ملك سلام احمد | 266 |
| Habil J. Yaseen | 1981 | هابيل جميل ياسين | 267 |
| Kamil J. Yaseen | 1972 | كامل جميل ياسين | 268 |
| Amin J. Yaseen | 1973 | امين جميل ياسين | 269 |
| Rehan M. Qadir | 1960 | ريحان محمد قادر | 270 |
| Aram M. Yaseen | 1984 | ئارام محمود ياسين | 271 |
| Aso M. Yaseen | 1985 | ئاسو محمود ياسين | 272 |
| Samad A. Yaseen | 1971 | صمد احمد ياسين | 273 |
| Kattan A. Yaseen | 1975 | كتان احمد ياسين | 274 |
| Nisan A. Yaseen | 1977 | نيسان احمد ياسين | 275 |
| Mirza A. Yaseen | 1963 | ميرزا احمد ياسين | 276 |
| Saeed M. Husein | 1951 | سعيد محمد حسين | 277 |
| Saman A. Husein | 1957 | سمن اسعد حسين | 278 |
| Mohammad S. Husein | 1981 | محمد سعيد حسين | 279 |
| Rebwar S. Husein | 1982 | ريبوار سعيد حسين | 280 |
| Pakisa S. Husein | 1920 | بطيس ولي محمود | 281 |
| Adil N. A.Rahman | 1968 | عادل نوري عبدالرحمن | 282 |
| Heibat N. A. Rahman | 1967 | هيبت محمد فتاح | 283 |
| Soze N.Abdulla | 1970 | سوزه نوري عبداللة | 284 |
| Shukur R. Husein | 1967 | شكر رةزا حسن | 285 |
| Galawezh A. Qadir | 1968 | طلاويز انور قادر | 286 |
| Abdulla O. Aref | 1967 | عبداللة عمر عارف | 287 |
| Peiman A. Omer | 1980 | ثيمان عبداللة عمر | 288 |
| Kameran F. Nasir | 1971 | كامران فرحو ناصر | 289 |
| Merjan A. Rahman | 1940 | مرجان عبدالرحمن | 290 |
| Munthir J.Qadir | 1967 | منذر جوهر قادر | 291 |
| Nuzher J.Qadir | 1968 | نوزر جوهر قادر | 292 |
| Nazeera J.Qadir | 1970 | نزيرة جوهر قادر | 293 |
| Mubarek J.Qadir | 1981 | مبارك جوهر قادر | 294 |
| Bilal J.Qadir | 1982 | بلال جوهر قادر | 295 |
| Sure Q.H.Amin | 1969 | سورة قادر حةمة امين | 296 |
| Shemal J.Qadir | 1985 | شمال جوهر قادر | 297 |
| Amira J.Qadir | 1975 | اميرة جوهر قادر | 298 |
| Fadhil O. Resul | 1937 | فاضل عمر رسول | 299 |
| Sakina A. Qadir | 1949 | سكينة علي قادر | 300 |
| Sabria F.Omer | 1972 | صبرية فاضل عمر | 301 |
| Resul F.Omer | 1975 | رسول فاضل عمر | 302 |
| Badria F.Omer | 1974 | بدرية فاضل عمر | 303 |
| Zeineb F.Omer | 1976 | زينب فاضل عمر | 304 |

# لیستی ناوی ئەنفالکراوەکانی( جەلەمۆرد ) / قائمة بأسماءمؤنفلي قرية( جەلەمۆرد )

## Jalmord anfalized victims

| Name | Born | ناوی سیانی | ت |
|---|---|---|---|
| Aram F.Omer | 1978 | ئارام فاضل عمر | 305 |
| Hamid Resul | 1940 | حامد رسول | 306 |
| Yousif A. Qadir | 1982 | يوسف انور قادر | 307 |
| Abdulla A. Qadir | 1983 | عبداللة انور قادر | 308 |
| Runak A. Qadir | 1984 | روناك انور قادر | 309 |
| Ayoub A. Qadir | 1985 | ايوب انور قادر | 310 |
| Zirian A. Qadir | 1986 | زيان انور قادر | 311 |
| Amira A. Qadir | 1987 | اميرة انور قادر | 312 |
| ChetoA. Qadir | 1949 | جتو ناصر توفيق | 313 |
| Farida A.Ismael | 1963 | فريدة علي اسماعيل | 314 |
| Bestoon C.Nasir | 1975 | بيستون جتو ناصر | 315 |
| Mahmood N.Toufiq | 1942 | محمود ناصر توفيق | 316 |
| Naema Anwer | 1960 | نعيمة انور | 317 |
| Choman M.Nasir | 1982 | ضومان محمود ناصر | 318 |
| Bakhtiar M.Nasir | 1983 | بختيار محمود ناصر | 319 |
| Nian M.Nasir | 1984 | نيان محمود ناصر | 320 |
| Ranjder M.Nasir | 1985 | رنجدر محمود ناصر | 321 |
| Sabah M. Mohammad | 1955 | صباح مجيد محمد | 322 |
| Zubeida H.Qamer | 1959 | زبيدة حسن تمر | 323 |
| Salih S. Majid | 1982 | صالح صباح مجيد | 324 |
| Awaz S. Majid | 1983 | ئاواز صباح مجيد | 325 |
| Gulale S. Majid | 1984 | كولالة صباح مجيد | 326 |
| Hardi S. Majid | 1985 | هردي صباح مجيد | 327 |
| Halale S. Majid | 1986 | هلالة صباح مجيد | 328 |
| Rashid A.Ali | 1975 | رشيد عبداللة علي | 329 |
| Ghazal H.Kakemin | 1975 | غزال حسو كاكة مين | 330 |
| Falah H.Kakemin | 1976 | فلاح حسو كاكة مين | 331 |
| Salah H.Kakemin | 1977 | صلاح حسو كاكة مين | 332 |
| Serbaz H.Kakemin | 1978 | سرباز حسو كاكة مين | 333 |
| Juan H.Kakemin | 1979 | جوان حسو كاكة مين | 334 |
| Kakerash S. Nadir | 1940 | كاكة رش صابر نادر | 335 |
| Bafraw M. Faqe | 1945 | بفراو محي الدين فقي | 336 |
| Sabir K.Sabir | 1971 | صابر كاكة رش صابر | 337 |
| Jumaa K.Sabir | 1972 | جمعة كاكة رش صابر | 338 |
| Shukur K.Sabir | 1971 | شكر كاكة رش صابر | 339 |
| Omed K.Sabir | 1974 | اميد كاكة رش صابر | 340 |
| Najiba K.Sabir | 1975 | نجيبة كاكة رش صابر | 341 |

| Name | Born | ناوی سیانی | ت |
|---|---|---|---|
| Safar K.Sabir | 1970 | سفر كاكة رش صابر | 342 |
| Dalal H. Kakemin | 1974 | دلال حسو كاكة مين | 343 |
| Nadir K. Sabir | 1962 | نادر كاكة رش صابر | 344 |
| KAKEMIN M. Hasan | 1951 | كاكة مين مجيد حسن | 345 |
| Sania A.Saeed | 1963 | سانية عبداللة سعيد | 346 |
| Aziz K.Majid | 1981 | عزيز كاكة مين مجيد | 347 |
| Fawzia K.Majid | 1982 | فوزية كاكة مين مجيد | 348 |
| Serbaz K.Majid | 1983 | سرباز كاكة مين مجيد | 349 |
| Khushkan O. Aziz | 1954 | خوشكان عوسمان عزيز | 350 |
| Bayan S.Majid | 1981 | بيان سلام مجيد | 351 |
| Ramzia S.Majid | 1982 | رمزية سلام مجيد | 352 |
| Shukur S.Majid | 1983 | شكر سلام مجيد | 353 |
| Safia H. Amin | 1948 | صافية حسن امين | 354 |
| Azad O. Qadr | 1963 | ازاد عمر قادر | 355 |
| Rashid O. Qadr | 1959 | رشيد عمر قادر | 356 |
| Heider O. Qadr | 1955 | حيدر عمر قادر | 357 |
| Awaz O. Qadr | 1982 | ئاواز حيدر عمر | 358 |
| Awat O. Qadr | 1983 | ئاوات حيدر عمر | 359 |
| Herish O. Qadr | 1984 | هيرش حيدر عمر | 360 |
| Banaz H. Omer | 1985 | بناز حيدر عمر | 361 |
| Qadria S. Mohammad | 1956 | قدرية سعيد محمد | 362 |
| Kamal F. Zoran | 1977 | كمال فارس زوران | 363 |
| Choost M. Qadir | 1968 | حوست محمد قادر | 364 |
| Awaz W. Khalid | 1972 | ئاواز واحد خالد | 365 |
| Serbaz W. Khalid | 1983 | سرباز واحد خالد | 366 |
| Derbaz W. Khalid | 1984 | درباز واحد خالد | 367 |
| Hamid K. H. Khan | 1967 | حامد خالد حةمة خان | 368 |
| Bayan A. Yaseen | 1971 | بيان احمد ياسين | 369 |
| Rekawt H. Khalid | 1984 | ريكوت حامد خالد | 370 |
| Helkawt H. Khalid | 1985 | هلكوت حامد خالد | 371 |
| Fatima H. Khalid | 1940 | فاتيمة حامد خالد | 372 |
| Sabria K. Saeed | 1956 | صبرية كاكة رش سعيد | 373 |
| Hadia A. ALI | 1972 | هدية عبدالرحمن علي | 374 |
| Khalaf A. Yaseen | 1955 | خلف احمد ياسين | 375 |
| Trifa K. Khan | 1968 | نزيفة خالد حةمة خان | 376 |
| Majid K.Hasari | 1967 | ماجد كريم محمود (حساري) | 377 |
| | | | |

# ئەوتاوانانەی لە پرۆسەی ئەنفالی چوارده دا ئه نجامدران

بەجێبەجێکردنی تاوانەکانی ئەنفالی چوار لەناوچەی ئاغجەلەر–شێخ بزێنی وتەقتەق وکۆیە لەنێوان ٣\ئایاری١٩٨٨تا ٨ی ئایاری ١٩٨٨تاوانبارانی راگیراولەبەردادگاکەتان وهاوبەشەهەڵاتووەکانیان هەڵساون بە چەندین تاوان دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە ریزیان بکەین:

یەکەم: تاوانی کۆمەڵکوژی، بەجێبەجێکردنی ئەنفالی چوارلەنێوان٣\ ئایاری١٩٨٨تا٨ی ئایاری١٩٨٨، تاوانباران ودەست وپەیوەندەکانیان لەئەفسەرو سەربازو پیاوەکانی هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ،زۆرتاوانیان ئەنجامدا وەك:

١ – بۆناساندنی تاوان دیارە دانیشتووانی ئەوناوچەیە لەرۆلەکانی گەلی کوردبوون.. هیچ گومانی تێدانیە کە تاوانباران ئەویان مەبەست بووە،هەروەها هەڵبژاردنی کاتەکە (پێنج) ئێوارە بەڵگەیە کەویستوویانە بەوچەکە وێرانکەرە زۆرترینیان لی بکوژن. دیارە ئەمە بەڵگەی تاوانە ، بەتایبەت مەبەست کوشتن و گیانکێشان بووبی بەهۆی چەکی کیمیاوییەوە بۆلەناوبردنی یەکجارەکی کوردەگوندنشینەکان کەئەمەبۆخۆی تاوانی کۆمەڵکوژی یە.

٢ – کوشتنی تاکەکانی کۆمەڵ: هەروەك چۆن ئەوهێزی چەکدارە سەربازییەی بەشداربوولە سەرکردایەتی پرۆسەی ئەنفالی چوار بەهاوبەش لەگەڵ دەزگائەمنییەکانی سەربە لیژنەی ئەمنی لەپارێزگای کەرکوك وسلێمانی بەگەمارۆدانی گوندەکانی ناحیەی (ئاغجەلەر،شوان،ناوەندی کۆیە)کەبریتی بوون لەسەدان دی و کۆکردنەوەی خێزانەکوردەکان وگواستنەوە وکۆکردنەوەیان لە (تۆبزاوا)...پاشان کوشتنیان بە بڕیارێکی نیزامی کەلەلایەن تاوانبار علی حسن مجید ی راسپێردراو بەجێبەجێکردنی ساسەتی سەرکردایەتی هەرێمایەتی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە وئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی قەدەغەکراو ئەویش بەمەبەستی کوشتنی زۆرترین ژمارەیان لەگۆ ڕەبەکۆمەڵەکاندا،لەم پرۆسەیەدا پتر لە(٢٨٥٥٠)هاووڵاتی کوردلەمناڵ وژن وپیاو، کەئێسك وپروسکی زۆربەیان لە و گۆڕانە دا دۆزراونەتەوە کەلەلایەن شارەزای نێودەوڵەتی (دکتۆر مایکل ترنبل) ەوە لەسەماوە هەڵدراونەتەوە.. لەبەر ئەمانە پایەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی روون وئاشکرایە،وە بە تەواوەتی لەم تاوانەدا هاتۆتەدی.

٣ – کۆچپێکردن وگواستنەوەی گوندنشینەکوردەکان لەجی ورێی باووباپیرانیان وزیندانی کردنیان لە بە ند یخا نە ی (نکرە سلما ن) .. وبڕینی خواردنی پێویست وئاوی پاکی خواردنەوەلێیان ورێگرتن لەچارەسەری نەخۆشەکانیان وئازار وئەشکەنجەی لاشەیی و دەروونی بەمەبەست ناچارکردنیان بۆژیانی کولەمەرگی کە ئەنجامەکەی لەناوچوون ومردن بی بەتاك وکۆ وە ئەمە بەتەواوی روویانداوە هەروەك لەگەواهی پترلە(١٥)خاوەن سکاڵاوە پێشکەش دادگابەرێزەکەتان کراوە.هەروەها کردەوەی ئەفسەرەکانی زیندان(عجاج)و (شمخی).. بەکارێك لە کردەوەکانی کۆمەڵکوژی دەژمێردرێن.

٤ – لەکاتی ئەشکەنجە وترس وتۆقاندنی بەبەرنامە جێبەجێکراو لەلایەن دەست وپەیوەندەکانی تاوانبارانی راگیراوەوە..لە سەربازوئەفسەرو هێزەکانی ئەمنی ناوخۆ دەرهەق بەدانشتووە کوردە گوندنشینەکان لەناوچەی تاوانەکانی ئەنفالی چوار، دەستبەسەر و گیراوەکان تووشی زیانی زۆروگەورەی لاشەوهۆش بوونەوە، بەپێی یاسا ئەمانەیش ئەنجام کارێکن لەکردەوەکانی کۆمەڵکوژی.هەروەك جیاکردنەوەی ژنان وپیاوان ورێگرتن لە بەیەکگەیشتنی سیکسی بەهوی دابڕان وبەندکردنیان، بەژمارەی زۆروماوەی زۆر بۆپترلەنۆمانگ...

ئەمەیش بەراستی تاوانێکە لەتاوانەکانی کۆمەڵکوژی..



Statistical Anfal
ئاماری ئەنفالی ئاغجەلەر و قەلاسێوکە
List(1) القائمة(١)

| Name region | Statistical Anfal | Martyrs | ناوی شوێن |
|---|---|---|---|
| Goptape | 335 | 32 | گۆپتەپە |
| Askar | 159 | 6 | عەسکەر |
| Bollqamish | 43 | | بۆڵقامیش |
| Haydarbag | 91 | | هەیدەربەگ |
| Dallawa | 5 | | دالاَوا |
| Kozabora | 15 | | کۆزەبۆرە |
| Qallacogha | 4 | | قەلاَچوغە |
| ShekhPallawan | 7 | | شێخ پالَوان |
| Aghjlar | 9 | | ئاغجەلەر |
| Bedar | 7 | | بێدەر |
| KaniahsncirGulan | 5 | | کانی هەنجیر گولاَن |
| Mayla | 3 | | مایلە |
| Motilija | 9 | | مۆتلیجە |
| Other | 7 | | متفرقە |
| Qojabillakh | 17 | | قۆجەبلاَخ |
| Total | 716 | 38 | کۆ |

StatisticsofAnfalizedpeople of KhelekanSurdash&Piremagoon camps sur.
احصائیە مۆنفلی(خەلەکان،سورداش، مجمع پیرەمەگرون)
LIST(2)(٢) القائمة

| place | No. of anfal. | شوێن |
|---|---|---|
| KilkeSimaq+Qamish | 35 | کەلکە سماق |
| Khalakan | 14 | ڕێگای سلێمانی |
| Qaracatan | 3 | قەرەچەتان |
| Kalabash | 6 | کەلَەباش |
| Shilakhan | 5 | شیلە خان |
| Kwlyja | 6 | کولیجە |
| Susekon | 10 | سوسێکۆن |
| Tilan | 46 | تلان |
| Qamish | 2 | قامیش |
| Qojabillagh | 17 | قۆجەبلاَخ |
| Total | 144 | کۆ |

StatisticsofAnfalizedpeople of(Shwan)
احصائیە مۆنفلی قری( شوان )
LIST(3)(3) القائمة

| place | No. of anfal. | شوێن |
|---|---|---|
| Dar Ekhtiar | 42 | دار اختیار |
| TurkmanBagh | 12 | تورکمان باغ |
| Omar.Mandan+Eljagh | 7 | اومرمندان + ئیلجاغ |
| Taraqa | 10 | تەرەقە |
| Dare Quta | 49 | دارەقوتە |
| Hayba | 5 | هەیبە |
| Qaffar | 10 | قفار |
| Delo | 29 | دەلو |
| Perijan | 8 | بیریجان |
| Kallawqut | 38 | کەلاَوقووت |
| AwBareek +Gulimkewa +Khile Ker | 78 | اوباریك + کولمەکەوە + خلەکەر |
| Mam Resh+Darbesere+PilkeResh | 33 | مام رش + داربەسەرە+ بلکەرش |
| Sporadic | 21 | متفرقە |
| Gogja | 9 | گۆکجە - قەمەر |
| Tilyan+FaqeMirza | 14 | تلیان-فقی میرزا |
| Tapakurra-Turrka | 9 | تەپەکورە-تورکە |
| Haji baykhan | 6 | حاجی بەیخان |
| Total | 380 | کۆ |

StatisticsofAnfalizedpeople of(U.ShekhBizeini)
احصائیە مۆنفلی(شیخ بزینی العلیا)
LIST(4) القائمە(٤)

| place | No. of anfal. | شوێن |
|---|---|---|
| QareNaw | 78 | قەرەناو |
| Simaqe | 62 | سماقە |
| Qudrete | 13 | قودرەتە |
| Qamishe | 34 | قامیشە |
| Qasrok | 208 | قەسروك |
| Gird Kheber | 198 | کرد خەبەر |
| Jokhlija | 114 | جوخلیجە |
| Tuteqal | 123 | توتەقەل |
| Jelemord | 377 | جەلەمورد |
| Serchinar | 137 | سرچنار |
| Shekhan | 95 | شیخان |
| Gilnaghaj | 89 | گلناغاج |
| KaniHenjire | 95 | کانیهنجیر |
| AskenderBegi | 35 | ئەسکەندەربەگی |
| Total | 1658 | کۆ |

statistics ofAnfalized people 0f(L.ShekhBizeini )
احصائية مؤنفلي(شيخ بزيني السفلى)
LIST(5 ) القائمة(٥)

| place | Anfal. | شوێن |
|---|---|---|
| Jigeela | 6 | جگیلە |
| Dermanaw | 9 | درماناو |
| Palkana | 4 | بلكانە |
| Shewger+kawlaswar | 18 | شوکیر + کاولە سوار |
| KaniRash+Marzykha | 3 | کانی رش+مەرزیخە |
| Tulki | 13 | تولکی |
| Sarbir | 4 | سەربیر |
| QareSalim | 23 | قەرە سالم |
| Chia Chermik | 7 | چیا چرمك + درماناو |
| Other | 7 | متفرقە |
| Total | 94 | کۆ |

statistics of Anfalized people of Taqtaq&sur.
ئاماری ئەنفالكراوەكانی (تەقتەق - سێگردكان)
احصائية مؤنفلي(طقطق) و(سيكردكان)
List(6) القائمە (٦)

| place | Anfal. | شوێن |
|---|---|---|
| KaniResh&Dareberula | 59 | کانی رش+داربەرووڵە |
| Garmik& Mala Ziad | 8 | گرمك + ملا زیاد |
| Mokheres | 24 | موخەرس |
| Baghechiner | 23 | باغەچنێر |
| Talaban | 31 | تالبان |
| Neragin | 14 | نیرە گین |
| Omargumat-Sekani | 7 | ئۆمەرگومەت- سێکانی |
| Segirdkan-.. | 19 | سیگردکان-دەوروبەر |
| Awmal& | 6 | ئاومال |
| Qamber | 4 | قمبر |
| Total | 195 | کۆ |

statistics of Anfalized people ofKoya&Ashti
احصائية حول مؤنفلي (كۆية) و ناحية(ئاشتي)
ئاماری ئەنفالكراوەكانی (كۆیە) و ناحیەی(ئاشتی)
List(7)(٧)القائمە

| place | No. of anfal. | شوێن |
|---|---|---|
| Klisa | 101 | کلیسە |
| Bogd | 46 | بوگد |
| Kani Bi | 43 | کانی بی |
| Qizlu | 53 | قزلو |
| Kherabe(Ashti) | 20 | خرابە (ئاشتی) |
| KaniHenjir | 9 | کانیهنجیر |
| Sure Qala | 19 | سوورە قلا |
| Timarok | 23 | تیماروك |
| KaniKurde | 15 | کانی کوردە |
| Qulqula | 23 | قولقولە |
| Qasir | 7 | قسر |
| KileZindan | 11 | کیلە زیندان |
| Shewa Shan | | شیوە شان |
| Bane Gulan | 7 | بانە کولان |
| Pibazok | 15 | پیبازوك |
| Gomashin | 104 | گۆمەشین |
| Koya…. | 79 | کۆیەدەوروبەر |
| Kifradpll - Simaqa | 5 | کفرە دۆڵ - سماقە |
| Kunagurg -Palkana | 7 | نونەگورگ - پەڵکانە |
| NasirAgha | 8 | ناسراغا |
| Qoritan | 10 | قۆریتان |
| Awdalan -shawger | 7 | عەودەلاَن -شەوگێر |
| Takaltw | 4 | تەکەلتوو |
| Some villages -Koya | 13 | چەندگوندی تری کۆیە |
| Kanisur | 5 | کانی سوور |
| Total | 662 | کۆ |

ئاماری گشتی ئەنفالی چوار
General statistical

| ز | لیستیژمارە | ژمارەیئەنفالكراو |
|---|---|---|
| 1 | لیستی ژمارە - 1Numbered list - | 754 |
| 2 | لیستی ژمارە - 2Numbered list - | 144 |
| 3 | لیستی ژمارە - 3Numbered list - | 380 |
| 4 | لیستی ژمارە - 4Numbered list - | 1658 |
| 5 | لیستی ژمارە - 5Numbered list - | 94 |
| 6 | لیستی ژمارە - 6Numbered list - | 98 |
| 7 | لیستی ژمارە - 7Numbered list - | 662 |
| | کۆی گشتی Total | 3790 |

تێبینی/
١- ئەمئامارەئەوکەسانەینەگرتۆتەوەکەسەربازیهەلاَتوو و ئاوارەیشارەکانبوون،
چونکەکەسێکیانلەسنووریئەنفالیچواردانەبوون تا زانیاریاندەربارەوەرگرین.
٢- ناوی ئەوکەسانەیتێدانییەکەدوایشەشمانگلەبەرپیریئازادکران وگەڕانەوە کوردستان...

# تابلۆی هەڵوەرین

* شیعری / شاخی

ئەمە کوی یە ...؟!
ئەمە ..تابلۆی هەڵوەرینوداچۆڕانە.
ئەمە(قەلاَی سەڵتئەحمەد)ە،
(خاڵخالاَن)ە.
ئەمە ..شیو ( هەنجیرەزەرد)ە
ئێرەمەملەکەتی خەفەت ،
دوامەنزلَگەی دابرانە .
تەماشاکەن ...!
تەپوتۆزێکبەری هەتاوی گرتووە .
ئەوەئەنجامی هەرەسوبورکان نیە.
ئەوە گر و تۆفان نیە.
شۆفەلێکە..
گوندێکی بەرکەلَبەداوە .
بەدامێنی ئەوگوندەوە،
چەندکەژاوەیەکوەستاوە .
کەژاوەی چی ..؟
چەندئیڤایەك ....
خەلَکیان تیا شەتەکدراوە.
ئەری ..؟ئەمەتەکنەلۆژیاوپێشکەوتنە.
یا دارە بازەی مردنە ؟
ئەری ئەمەمرۆڤـــ دزە ؟؟
یاکاروانی کۆچێکی بی سەروبنە؟
بەسەرپشتی ئەمگالیسکەنەگریسەوە،
(مامە ئەحۆل)ی (چوخلیجە)،
ردێنی تۆزاوی بووە،حەپەساوە.
(پورە زەوە)ی (گردخەبەر)ی
دەسپێچکەکەی ،
پرچەسپی یەکەی خۆیەتی
لەزەندوباسکی پێچاوە.
بەهەزاران(مەم)و(زین)و
(خەجی )و(سیامەند)...
پێشئەوەی بگەنبەمراز
ببنەبووکوببنەزاوا.
راپیچ کران بۆ ( قەلاَتە)،
بۆقەسابخانەی (تۆبزاوا)..

# بۆ جەڵەمۆرد

* شیعری / شاخی

دوێنێ منیش
وەك هەڵەبجە...
ئاگر بەر بووبوە جەستەم و ..
هەڵدەقرچام وەك شنروێ.
ئەمرۆ منیش..
وەك جەلەمۆرد
کەتەماشای دەربازدەکەم
ئەویش دەربازی نەکردم
خەوبێ لەچاوم ناکەوێ.
ئەی ئێوە
ئێستا دەڵێن چێ ..
ئەو پیرەژنە دەبینن؟؟
وەك کۆتەرە دارێکی سووتاو
بەرگێکی رەشم پۆشیوە..
چرکەیەك دلَی ناسرەوێ.

# Jalamord

**special bulletin On thi occasion Of thi Anfal**
**Preparation Press Mala shakhi**



## People Jhlhmard
## HOW caughtin a trapAnfal




Before being destroyed ,Jalemord ( 130 houses) a Pretty Village lied near Khalkhalan . On May,5th,1988 morning a great military force consisting of tens of tanks and armors, accompanied by helicopters and guided by jashes and traitors surrounded Jalemord. Children, women and different residents ran away and joined the mountains of (Derbaz. Baberusha, Hazarkani) in order not to be the target of the mass destructive weapons, and poison gases. The same day afternoon, the troops destroyed the village including the mosque and began to loot all the sheep and cattle .On the day after by the guidance of jashes , a couple of officers called lit.Niama and lit. star were able to find all people who were hiding. Soon they gathered the People and began take all pocket–money and jewels from them . Later they arrested 392 People and transformed them to Topzawa where they stayed for 6 months under very bad situation and torturing .Then they were taken to the(Nugrat Salman) prison in deserts of the South where 7 people died but 7 .more set free, and the rest 378 still lost

## كيف أونفلت قرية ( جەلەمۆرد )؟



جةلمؤردالتي تضم (١٣٠) منزلا تقع في منحدرات جبل (خالخالان) قبل ان تتعرض الى حملات الانفال تمت محاصرتةا من قبل قوات عسكرية ضخمة قاربت العشرات من الدبابات وناقلات الجنود المدرعة والطائرات العمودية التةجومية في صبيحة ١٩٨٨/٥/٥ , بالاضافة الى أدّلاء من الخونة والمأجورين ، مما اجبر سكان القرية من النساء والاطفال والشيوخ وخوفا من القصف الكيمياوي اللجوء الىجبال و وديان(دةرباز،بابةروشة، ةةزاركانى). وبعد تدمير القرية سارعت القوات المعتدية الى نةب الاغنام والمواشي والممتلكات الاخرى العائدة لسكان القرية. وفي اليوم التالي أي ١٩٨٨/٥/٦ قامت القوات العسكرية بقيادة الملازم نعمة والملازم ستار معتمدين على الخونة والمأجورين من العثور على اةالي القرية, وتمت محاصرتةم وسوقةم الى داخل القرية المدمرة وبعد انتزاع الأموال والحلي الذةبية منةم جرى اعتقال ٣٩٢ انسان بريء وتم نقلةم على متن مركبات ايفا العسكرية الى طوبزاوة. بعد مرور ستة اشةر من التعذيب والإةانات والتجويع تم اخلائةم الى سجن (نطرة السلمان) في الصحاري القاحلة في الجنوب في غضون ذلك استشةد ٧ اشخاص منةم. كما تم الافراج عن ٧ آخرين الا ان الباقين والبالغ عددةم (٣٧٨) لا يعرف شيئا عن مصائرةم لحد الآن.

## چاپکراوی نوێ

new edition
of book
AnfalKhalkhalan
By Mala shakhi






RanaAzizaccidentlyescapedfromaprisoninSalman
ڕەعنا عزیز جەلەمۆردی ئەو ژنەی لە نوگرەسەلمان گەڕایەوە

## سوپاس و پێزانین

به ناوی سەرجەم خەڵكی گوندی ( جەلەمۆرد )ەوە : زۆر سوپاسی دەزگای ( هەواڵ ) بۆ راگەیاندن و ڕۆژنامەوانی دەكەین كە ئەركی دیزاین و لەچاپدانی ئەم بڵاوكراوەیەی گرتەئەستۆی خۆی.

مەلاشاخی/ لەجیاتی گوندی جەلەمۆرد

## دەستخۆشی

بە ناوی تەواوی گوندی ( جەلەمۆرد )ەوە دەسخۆشی لە بەڕێز ( لەتیف فاتیح فەرەج ) دەكەین كە بەراستی زۆر هیلاك وماندوو بووە بەدۆسیەی ئەنفال بەكشتی و گوندی ( جەلەمۆرد )، بەتایبەتی بەراستی زۆردڵسۆزانە وبەبێ مقابیل خەمخۆربووە هەرلەو بارەوە كتابێكی دەركردووە بۆ گوندی ( جەلەمۆرد )، بە ناوی ( جەلەمۆرد لەئامیزیخوازدا )، دووبارە دەستی ماندوبونی دەكوشم وخوای گەورە تەمەنی درێژی بكات و نموونەی ئەم پیاوە زۆركات.

هیوا محەمەد ئەمین جەلەمۆردی

## دەستخۆشی

بە ناوی خەڵكی گوندی ( جەلەمۆرد )ەوە سوپاسی كاك تاریق رەشید قایمقامی پێشووی قەزای چەمچەماڵ دەكەین كە رۆڵی گەورەی لە دروستكردنی مۆنۆمێنتەكەو سازدانی مەراسیمەكەدا هەیە.. نمونەی زۆر بێت.

مەلاشاخی/ لەجیاتی گوندی جەلەمۆرد



ClickSalman سجن نگره سلمان